نۆڤەمبەری ٢٠١٧

پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies
www.mirs.co

# فیدرالیزم و پێگەی هەرێمەکان لە سیستەمی سیاسی فیدرالیدا

## ( هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن / ئەلمانیای فیدرال بە نمونە )

*پ. د. سالار باسیرە*

ئینسیستوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی
عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی
ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co
تەلەفۆن: ٠٠٩٠٥٣٣٨٦٠١٥١٤

پێشەكی

**بەشی یەکەم: چەمك و لایەنە بە سوودو نەرێنیەکانی فیدرالیزم و دابەشبوونی دەسەلاتەکان**

باسی یەکەم: زاراوەو چەمکی فیدرالیزم

باسی دوەم: فیدرالیزم  لە سیستەمی سیاسیدا و دابەشبوونی دەسەلاتەکان

باسی سێیەم: دروستبوون و کۆتاهاتنی دەوڵەتی فیدرال

باسی چوارەم: لایەنە بەسوودەکان و نەرێنیەکانی فیدرالیزم

**بەشی دووەم: کاریگەری و پێگەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی ئەڵمانیا**

باسی یەکەم: هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن/ ئەڵمانیای فیدرال

باسی دوەم: ژمارەو دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی

باسی سێیەم: پێکهاتەی  ئەنجومەنی فیدرالی لە ئەڵمانیا

دەرئەنجام

سەرچاوەکان

پاشکۆ

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە خانەی سیستەمی سیاسیەوە بەلام لەڕوانگەی فیدرالیزمەوە. بۆچونێکی یەکگرتووی تەواو نیە بۆ پراکتیزەکردنی سیستەمی فیدرالی چونکە هەر کۆمەڵگایەك ئالۆزی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەژێر کاریگەریی چەندین فاکتەردایەو پڕکردنەوەی ئەو تایبەتمەندیانە ئاسان نیە. هەر ولات و کۆمەلگایەك بەپێی تایبەتمەندیەکانی خۆی دەبێت شێوازی سیستەمە سیاسیەکەی خۆی دابرێژێت. مرۆڤایەتی لەگەڵ گەشەکردنی مێژووی ژیانیدا بەکۆمەڵێك لە سیستەمی سیاسیدا ڕۆیشتوە. فیدرالیزم یەکێکە لەو سیستەمە سیاسیە کە لە زۆرێك لە دەولەتان بەسەرکەوتویی پراکتیزەکراوەو بۆتە هۆی چارەسەری زۆرێك لە کێشەو جیاوازی ئەتنیکی و ئاینی و ئیداری و کەلتوری و فاکتەرێکی گونجاو بووە بۆ سەقامگیری و دیموکراسی.

فیدرالیزم وەك بەشێك لە سیستەمی سیاسی بۆ دەولەتانێك و کۆمەلگای پلورالیستی (لە ڕووی فرەیی ئێتنیکی و کەلتوری و فرە ئاین و مەزهەبەوە) سەڕەرای کێشەو بەربەستەکان بەلام بەگونجاو دەبینرێت و بە بۆچوونی توێژەر شیاوترین مۆدێلی حوکمرانیە کە هەرێمەکانی پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە تێیدا وەك لەم توێژینەوەیەدا خراوەتە ڕوو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی فیدرالیزمیش وەك یەکێك لە شێوەکانی سیستەمی دەولەت بێکێشە نیە بە تایبەت لەسەر ئاستی دابەشکردنی دەسەلاتە دەستوریەکانی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی و لە تێپەڕ کردنی دەسەلاتەکان ئیتر لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەسەڵاتە دەرەکیەکان بێت وەك ڕێکەوتنامەو گرێبەستە نێودەولەتیەکان یان لە بواری سامانە سروشتیەکان و بودجەدا بێت و بەشداریی هەرێم و پێکهاتەکان لە حکومەتی ناوەندی و چۆنیەتی پشکی نوێنەرایەتی کردنیان، بەڵام لە زۆرێك لە دەولەتانی جیهان پراکتیزە دەکرێ و لە زۆرێکیدا سەرکەوتوو بووە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە. بەشی یەکەم کە بریتیە لە چوار باس چەمك و لایەنە بە سوودو نەرێنیەکانی فیدرالیزم و دابەشبوونی دەسەلاتەکانی تێدا خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە. لە کاتێکدا بۆ تێگەیشتن لە تێمای توێژینەوەکە بەشی دووەمی بۆ تەرخان کراوە کە باس لە کاریگەری و پێگەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی ئەڵمانیا دەکات لەسەر نمونەی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن/ ئەڵمانیای فیدرال و هەروەها ژمارەو دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی و پێکهاتەکەی. لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەریی سیستەمی فیدرالی و ڕۆڵی هەرێمەکان بە ڕوونی دەردەکەون لەسەر سیستەمی سیاسی.

## کورتکراوەکان

CDU : Christ Demokratische Union حیزبی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی

CSU: Christliche-Soziale Union in Bayern، حیزبی یەکێتی کۆمەلایەتی مەسیحی

SPD : Sozialdemokratische Partei Deutschlands حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا

BÜNDNIS 90/ DIE GRÜNEN بوندنیس ٩٠ / دی گرونن (هاوپەیمانی ٩٠ / سەوزەکان)

BUNDESTAG بوندستاگ (پەڕلەمانی ئیتحادی ئەڵمانیا)

BUNDESRAT بوندسرات: ئەنجومەنی فیدرالی (هەرێمەکان)

DIE LINKE دی لینکە، چەپەکان

# بەشی یەکەم

## چەمك و لایەنە بە سوودو نەرێنیەکانی فیدرالیزم و دابەشبوونی دەسەلاتەکان

## باسی یەکەم

### زاراوەو چەمك و پێناسەی فیدرالیزم

فیدرالیزم وشەیەکی لاتینیە لە (foedus) وە هاتوەو بەواتای یەکبوون (الاتحاد) دێت و لە بنەڕەتدا پرەنسیپێکی ڕێکخراوەییە کە یەکەکان بەرپرسیارێتیەکی خۆیان هەیە بەلام چوونەتە نێو یەکێتیەکەوە ([١]). "فیدرالیزم وەك ڕێکخستنێکی ڕامیاری و دەستوریی ناوخۆیی لێکدراوە ، بەو پێیە هەرێمەکان ملکەچی دەوڵەتی فیدرالی دەبن"([٢]). هەرێمەکان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەلاتەکەیاندا بۆنمونە پەروەردەو هێزی پۆلیس و ئاسایش...تاد. بەواتای پێکەوەگرێدانی چەند دەوڵەتێکیش دێت بۆ دەوڵەتێکی سەرجەم (الاتحاد الفیدرالی). دەوڵەتی الاتحاد بۆ هەموو ئەو شتانە بەرپرسە کە لە بەرژەوەندی گەلدا بە یەکبوون دەبێت ڕێکبخرێن ، بەڵام بوارەکانی تر هەرێمەکان ئەنجامی ئەدەن"([٣]).

فیدرالیزم بەواتای بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دێت لە دەسەڵاتدا ، ئەمەش لە ڕێگای پەیوەستێکی ئارەزومەندانەی نێوان نەتەوەو گەل و میللەتان ، یان پێکهاتە مرۆییەکانی سەر بە ڕەچەلەکی نەتەوەیی و ڕەگەزی جیاجیا ، یان چەند زمان ، چەند ئاین یان چەند کەلتورێکی جیاجیادا. ئەمەش لەنێو سیستەمێکی یەکێتیدا کە قەوارە لەیەکتر جیاکان لەیەك دەوڵەتدا یەکبخات لەگەڵ هێشتنەوەی قەوارە یەکگرتوەکان بەناسنامەی تایبەت بەخۆیانەوە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سنوری جوگرافی و زمان و کەلتورو ئاینەوە لەتەك بەشداری کاریگەرییان لە داڕشتن و دروستکردنی سیاسەت و بڕیارەکان و قانونەکانی فیدرالی و خۆجێی لەگەڵ پابەندبوون بە پێڕەوکردنیان بەگوێرەی پرەنسیپی بڕیاردانی ئارەزومەندانەو پرەنسیپی ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دەستڕۆیشتنەکان و ئەرکەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان و بۆ پاراستنی قەوارەی یەکێتیەکە. لە پێناسەیەکی تردا فیدرالیزم سیستەمێکی یاساییە لەسەر بنچینەی چەند ڕێسایەکی

---

[١]) سەیوان کاکەڕەش ، بەراورد لە نێوان ڕژێمە فیدرالەکاندا ، سلێمانی، چاپخانەی قەلەم، ٢٠٠٢ ، ل.٥٠.

[٢]) نیگا ، فەرهەنگی ڕامیاری ، هەولێر ، چاپخانەی میدیا، ل.٢٩٧.

[3]) www.abipur.de/hausaufgaben/ 666213448.html, *dr. Brandscheidt, Föderalismus und die und die Bundeslände, 2008.*

دەستوریی ڕوون دامەزراوە کە ژیانی هاوبەش بۆ نەتەوەو ئاین و مەزهەب و لایەنە جیاجیاکان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دابیندەکات ، کە دامەزراوە دەستوریەکان لە دەوڵەتی قانوندا بەڕێوەیان دەبەن. کەواتە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکە دەکرێ بوترێت فیدرالیزم وەك بەشێك لە سیستەمی سیاسی دەتوانێ یەکێتیەکی ناوەندی لە نێوان دوو کەرت یان دوو هەرێم ، یان کۆمەڵە کەرت و هەرێمێکدا دامەزرێنێ ، بەشێوەیەك کە کەسێتی دەوڵەتیی هەر بۆ حکومەتی "ناوەندی"دەبێت لەگەڵ پاراستنی بڕێك لە سەربەخۆیی ناوخۆیی بۆ هەریەك لەیەکە پێکهێنەرەکانی یەکێتی فیدرالی"(٤). "هەرێم یان ویلایەتە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدرالی بە یەکەی دەستوری دادەنرێن، نەك یەکەی کارگێڕی وەك ئەوەی پارێزگاکان لە دەوڵەتی سادە هەیانە"(٥).

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پێناسەو چەمکی فیدرالیزم سۆران حسین قادر ئاماژە بەچوار ڕێچکە دەدات کە بریتین لە:

١) "ڕێچکەی ویر (Whera). بەگوێرەی ئەم ڕێچکەیە فیدرالیەت هۆکارێکە بۆ دابەشکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی گشتی و حکومەتی هەرێمەکان ، بەشێوەیەك کە هەم هاوبەش بمێننەوەو هەم سەربەخۆیی خۆشیان بپارێزن.
٢) ڕێچکەی فریدریك (Friedrich). بەپێی ئەم ڕێچکەیەش فیدرالی چەند پێکهاتەیەکی سیاسی سەربەخۆ دەهێنێتە کایەوە کە زۆرجار بەهاوبەش کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبەن و بڕیاری هاوبەش دەدەن. زۆرجاریش سەربەخۆیی خۆیان لە دەست نادەن و کاروبارە تایبەتەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن و بۆ باشترکردنی بارودۆخی خۆیان کار بە پرەنسیپی قوربانیدان ناکەن.
٣) ڕێچکەی لیڤینستۆن (Livingstone). ئەم ڕێچکەیە زیاتر پشت بە واقع دەبەستێت بە شێوەیەك فیدرالی لە ڕوانگەو میانی داڕشتنی دەستوری و دامەزراوەییەوە شرۆڤە ناکات بەڵکو پشت دەبەستێت بە واقعی هەبوونی سیماکانی فیدرالی بەشێوەیەك هەر کاتێك سیماو سیفەت و تایبەتمەندێتیەکانی فیدرالی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەدیکرا ، ئەو کۆمەڵگایە بە کۆمەڵگایەکی فیدرالی دادەنرێت ، ئیتر ئەگەر لە ڕووی ڕێکخستنە دەستوریەکانیشەوە نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە. لە گرنگترینی سیماکانی فیدرالیش کە ئەم ڕێچکەیە باسی لێوەکردوە ئەوەیە کە توانای خودی

[٤] ) عەلی شەمەری ، فیدرالیزم و سیستەمەکانی یەکێتی فیدرالی ، وەگێڕانی بۆ کوردی: حەسەن یاسین، سلێمانی ، چاپخانە نادیارە، ٢٠٠٤، ل.٦-٧.
[٥] ) هەمان سەرچاوە، ل.٩.

خۆبەڕێوەبردن هەبێت و شێوازێك لە لامەرکەزی پیادە بکرێت و دەسەلاتی خۆجێیەتی هەبێت.

٤) ڕێچکەی ڕیکەر (Ricker). ئەم ڕێچکەیە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر جەخت لەسەر پێکهاتنی دەستوری فیدرالی دەکات و پێی وایە فیدرالی پێکهاتن و شێوازە ڕێکخستنێکی ناوخۆیی دەستورییە کە لە ڕێگای دەستورەوە بنەماکانی دادەڕێژێت. ئەم دەستورەش جیاوازە لەو دەستورەی کە ڕۆحی دەسەلاتەکان لەدەستی تەنها دەسەڵاتێکدا کۆدەکاتەوە". جیاوازی لە نێوان دوو جۆر فیدرالیدا دەکرێت کە بریتیە لە فیدرالیەتی تەقلیدی ڕۆژئاوایی کە ناودەبرێت بەفیدرالیەتی دەوڵەتەکان. ئەویتر ناودەبرێت بە فیدرالیەتی سۆشیالیستی مارکسی کە پێی دەوترێت فیدرالیەتی نەتەوەکان([٦]). پێویستە هەر دەوڵەتە بەپێی خەسڵەت و سروشتی کۆمەڵگاکەی بڕیار لەسەر یەکێك لەو دوو شێوە فیدرالیەتە بدات.




[٦]) سۆران حوسێن قادر بەرزنجی ، کێشە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا، توێژینەوەیەکی بەراوردکاری، چاپخانەی میدیا ، هەولێر، ٢٠٠٣ ، ل.١٣.

## باسی دووەم

## فیدرالیزم  لە سیستەمی سیاسیدا و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان

فیدرالیزم بە تەنیا بنەمایەکی سیاسی نیە بەڵکو ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریشەو دەکرێ بوترێ فیدرالیزم ئەمڕۆکە لە (٢٧) وڵات پیادە دەکرێ کە ٪٤٠ ی دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی تێدا دەژی کە خۆیان بە دەوڵەتی فیدرال پێناسە دەکەن یان بەگشتی بە فیدرال دەبینرێن([٧]).



**نەخشەی ژمارە ١**

www.iki/F%C3%B6deralismus

ڕەنگە تۆخەکان بریتین لەدەوڵەتە فیدرالیەکان

نزیکەی هەموو ئەو دەوڵەتە دیموکراتیانەی خاوەن ڕوبەری گەورەن یان خاوەن دانیشتوانی گەورەن دەوڵەتی فیدرالین([٨]). لەگەڵ پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن دەوڵەتەکانی وەك ئەرجەنتین ، بەرازیل و مەکسیك بەرەو فیدرالیزم ملیاندا. هەروەها بەلجیکا ، ئەسیوبیا و ئیسپانیا پێشتر دەوڵەتی مەرکەزی بوون و دواتر بوونە فیدرالی. دەوڵەتەکانی وەك بۆسنە ، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ ، عێراق ، سۆدان و خواروی ئەفەریقا ڕویانکردە فیدرالی. سریلانکاو نێپال نزیکن لە پەسەند کردنی فیدرالی. یەکێتی ئەوروپا

---

[٧] ) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.٩٠.

[٨] ) ئەو دەولەتە گەورە فیدرالیانە وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوستورالیا، هندستان، ڕوسیا، بەرازیل، ئەرجەنتین(بروانە نەخشەی ژمارە ١).

چەندین خەسڵەتی فیدرالی پێوە دیارە(٩).

"فیدرالیزم جیاوازە لە پەیوەندیە کۆمەلایەتی و ئابوری و دامەزراوەکانیدا. وڵاتانی زۆر گەورەو وڵاتانی زۆر بچووك ، وڵاتانی دەوڵەمەندو هەژاریش دەگرێتەوە. وڵاتانی یەك جۆرو هەروەها فرەلایەنیش دەگرێتەوە (تاك نەتەوەو فرەنەتەوە). هەندێك لە سیستەمە فیدرالیەکان دەمێکە دیموکراتین بەلام هەندێکی تر ئەزمونێکی کورتترو پرکێشەیان هەیە. شێوازی دارشتنی فیدرالیزم وەك یەك نیە لە گشت شوێنێك. لە هەندێك فیدرالیدا تەنیا یەك ،یان زیاتر هەرێم هەیە ، بۆنمونە هەریمی کوردستان لە دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا. هەندێك فیدرالی سەقامگیرن و بە پێچەوانەوە هەندێکیتر ناسەقامگیرو دابەشکراوە. هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەیە لەسەر رۆڵ بینین و سەرکەوتنی فیدرالیەتە جیاوازەکان لەیەکتر. تەنیا یەك مۆدێلی یەکگرتوی گونجاونیە بۆ هەموو بارودۆخەکان. توانای یەکخستنی چەندین شێواز یەکێکە لەخاڵە بەهێزەکانی فیدرالیزم ، بەلام لەگەڵ ئەو جیاوازیانەشدا چەندین خاڵی هاوبەشیش هەن کە فیدرالیەت لە شێوەکانی تری حکومەت جودا دەکاتەوە بۆنمونە دوو ئاستی دەزگای دەوڵەتیان هەیە کە یەکێکیان بۆ سەرجەم دەوڵەتەو ئەوی تریان بۆ هەرێمەکانە. هەر ئاستێك لەم دووانە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە هاوڵاتیەکانیەوە هەیەو هەموو ئەمانە بە یاساو دەستور رێکدەخرێن. ئاسایی دەبێت فیدرالیەت دیموکراسی و قانونی بێت چونکە رژێمە نادیموکراسیەکان ئاوتۆنۆمی نادەنە یەکەکانی دەوڵەت ."(١٠).

هەموو ئەو (٢٧) دەوڵەتانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا ، هەموویان خەسڵەتەکانی فیدرالی بەتەواوی جێبەجێ ناکەن. هەندێکیان زۆر بەلای سەنترالیزمدا دەرۆن و زۆر کەمتر فیدرالین و هەندێکی تریان خەسلەتی دەوڵەتی یەکگرتویان هەیە کە رێگا بە حکومەتی مەرکەزی ئەدات خۆیان لە ئاوتۆنۆمی یەکەکانی دەوڵەت لابدەن. بەلام ئایا ئەمە ئەوە دەبەخشێت کە ئەم وڵاتانە فیدرال نین؟ بۆ ئەوە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە نیە(١١). لە سەدەی ١٨ و ١٩ ئەم مۆدێلە خزمەتی کۆمەڵانی ئەوروپی و ئەمریکایی کرد لە چارەسەری قەیرانە کۆمەلایەتی و ئابوریەکاندا. فیدرالیەت لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا وەك لە ئەڵمانیا و لە سویسرا بووە هۆی سەقامگیری و دیموکراسیەت بەڵام لە گشت شوێنەکان وەك یەك سەرکەوتو نەبووە. لە نیجیریا

---

9) Naseef Naeem, Die neue bundesstaatliche Ordnung des Irak, Frankfurt, Verlag rororo, 2008, S.81.

١٠) هەمان سەرچاوە، ل. ١٥-16.

١١) هەمان سەرچاوە، ل. ١٧.

بەکردەوە شکستی هێناو دوای ١٠ ساڵ پراکتیزەکردن (١٩٦٠– ١٩٧٠) (دوای سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٠) لە ئەنجامی ناکۆکی و پێکدادان و تێکهەڵچوونە نەتەوەییەکان تێکچو ، بووە هۆی کوژرانی پتر لە یەك ملیۆن مرۆڤ. لە هندستان دوای ٥٠ ساڵ هەر چەندە سەرکەوتنی ڕێژەیی بەدەستهێناوە بەڵام هەتا ئەمڕۆکە نەیتوانیوە کێشە نەتەوەیی و زمانی و کەلتوری و ئاینیەکان سەرکەوتوانە چارەسەر بکات. لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو دوای مردنی مارشاڵ تیتۆ و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت سیستەمی فیدرالی دوای زیاتر لە ٢٠ سال لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو ئەم وڵاتە بەهۆی جەنگ و شەڕی خوێناوی ئاینی و نەتەوەییەوە بەش بەش و وێران بوو. هەروەها لە کەنەداو بەلجیکا کە لە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان دەژمێردرێن مۆدێلی فیدرالیزم تێیاندا توشی قەیران بووەو ڕوەو جیابوونەوەو دابەشبوون هەنگاو دەنێن(١٢). فیدرالیەت چ لە نێو دەوڵەتی تاك یان فرەنەتەوەدا بێت بەلام لەسەر بنەمای ڕونەدانی دیکتاتۆریەت دانراوەو لامەرکەزیی تێیدا بەهای وەرگرتوە.

دەوڵەت لە سیستەمی فیدرالدا دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت بۆنمونە لە بواری سیاسەتی دەرەوەو سنوری دەولەتدا(١٣). بۆنمونە بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی مەرزێك لە هەرێمێکدا پێویستبوون بەڕەزامەندی حکومەتی ناوەند هەیە. ئەم نمونەیە سروشتی کێشەکان و پرەنسیپی فیدرالیزم لە نێوان حکومەتی فیدرال و هەرێمی فیدرالی نیشان ئەدات. فیدرالیەت هەمیشە بەر کاریگەری کێشەو ناکۆکیەکانی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتی سەرجەم و یەکەکانی دەوڵەت (دەولەتی فیدرال و هەرێمەکان) دەکەوێت کە دوورنیە بەرەو مەرکەزیەت یان نامەرکەزیەتی زۆرتر بڕوات. لە دەوڵەتی ئیتحادی فیدرالیدا ئەرکەکانی دەوڵەت لە نێوان ئیتحاد و هەرێمەکاندا وا دابەشکراوە کە هەردوو لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەرکە گونجاوەکان خۆیان بەرپرسن. ئاوتۆنۆمی هەرێمەکان لە سیستەمێکی فیدرالیدا لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەندامەکانی (هەرێمەکانی) ئیتحاد خاوەنی شەرعیەت و ماف و دەسەڵاتی خۆیانن (دیاریکردنی بەپێی دەستور). هەموو هەرێمێك دەستورێکی هەرێمیی خۆی هەیەو بەم شێوەیە دامودەزگای سیاسی سەربەخۆی هەیە بۆ یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەری. هەرێمەکان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەلاتەکەیاندا بۆنمونە پەروەردەو هێزی پۆلیس و ئاسایش و بواری ژینگە. ناوەند کار لە زۆرێك لە یاساکان دەکات و هەرێمەکان جێبەجێیان دەکەن(١٤). بەم شێوەیە

---

[12]) ئەسەدوللا ئەلەم ، بنچینەکانی فیدرالیزم، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا، سلێمانی ، شوێنی چاپ نادیارە ، ٢٠٠٤ ، ل.٣–٥.

[13]) *de.answers.yahoo.com/question/index?qid, Dr. Mannfred, 2011; Frankfurt.*

[14]) Leyla Özden, Der Föderalismus im Irak, Frankfurt, rororo Verlag, 2009, S. 29-30.

دەسەڵاتەکان لە نێوان ئیتحاد و هەرێمەکاندا دابەش دەکرێت و جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەرکەکانی هەردولادا.

* بەپێی یاسا فیدرالیەکان دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمەکاندا دابەش دەکرێن، بەم پێیە جیاوازیی دەکرێت لە نێوان ئەرکەکانی هەردولادا.

* حکومەتی فیدرالی ناوەند چەند ئەرکێکی سیادی دەگریتە خۆی وەك سیاسەتی دەرەوە ، سنوری دەوڵەت ، پاسپۆرت و بڕیاری جەنگ...تاد. لە کاتێکدا هەرێمەکان بەرپرسن لە بواری پەروەردەو ئاسایشی نێوخۆ و پۆلیس و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

* ناوەند کار لەسەر زۆرێك لە یاساکان دەکات و هەرێمەکان جێبەجێیان دەکەن([١٥]).

* ئەوەندەی سامانە سروشتیەکان زۆر جیاواز بەسەر هەرێمەکاندا دابەش بووبن ، دەبێت ناوەند یەکسانیەك بەدەست بهێنێت بۆ ئەو هەرێمانەی تر کە لە باری داراییەوە کورت دەهێنن([١٦])، بەلام دابەشکردن و سەلاحیاتی هەرێمەکان بەپێی ڕێکەوتن دەبێت لە نێوان دەسەلاتی ناوەندو هەرێمدا.

لەو چەند خالانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە سیستەمی فیدرالیدا دەسەلات مەرکەزی نیە بەواتا تەواوی دەسەلاتەکانی دەوڵەت لای یەك لایەن کۆنابنەوە بەڵکو دابەش دەبن بەسەر کانتۆن یان هەرێمەکاندا.

---

([١٥]) هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ل. 29-30.

([١٦]) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل. 2.

## باسی سێیەم

## دروستبوون و کۆتاهاتنی دەوڵەتی فیدرال

چەندین بنەما هەن کە دەوڵەتی فیدرال دەتوانرێ لەسەری دروستبێت ، لەوانە:

- پێکەوەگرێدانی دەولەتانێکی سەربەخۆ بۆ دەولەتێکی گەورەتری فیدرال. بۆنمونە سویسرا. لە کۆنفیدرالیەوە گوازرایەوە بۆ فیدرالی. هەرچەندە دەولەتە کۆنفیدرالیەکان تەواو سەربەخۆ نین.
- لە ئەنجامی پەڕینەوە لە دەوڵەتێکی ناوەندی بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی ئیتحادی (بۆنمونە ئیسپانیا، بەلجیکا ، سۆدان)(١٧).
- یان لەلایەن دەرەوە بەهۆی فاکتەرە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانەوە ناچار بکرێت ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی. بۆنمونە ئەڵمانیا ، بۆسنە و هێرتسیگۆڤینا.

"هەروەك چۆن دەوڵەتی فیدرالی دروستدەبێت بەهەمان شێوە تێکچوون و کۆتایشی دێتە ڕێگا وەك ئەوەی لە یۆگۆسلاڤیا ڕویدا. یان گۆڕانی دەوڵەتەکە لە دەوڵەتێکی فیدرالیەوە بۆ دەوڵەتێکی سەنترال و ساکار. ئەمە هەرچەندە کەمتر ڕوو دەدات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتێکی پێشبینی کراوە"(١٨).

[17] هەمان سەرچاوە ، ل. ٤١.

[١٨] هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ل.٢٣.

## باسی چوارەم

## لایەنە بەسوودەکان و نەرێنیەکانی فیدرالیزم

١) هەر هەرێمە توانای بەسەر ئیدارەکەی خۆیدا باشتر دەشکێت. کاری دانیشتوان خێراتر دەڕوات و کێشەو پێداویستیەکان (ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، ئیداری ، پەروەردە..) باشتر دەبینرێن.

٢) دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەسەلات و ڕێگر دەبێت لە چڕبوونەوەی دەسەلات لە دەستەیەکدا.

٣) لەم سیستەمی فرە هەرێمیە مەترسی لایەنێك بۆسەر ئەوەی تر کەمە.

٤) سیستەمی فیدرالی دەبێتە بەهێزکردنی دیموکراسیەت و سەقامگیری بەڵام دیموکراسیەت و سەقامگیریی مەرجی پێشوەختیشن بۆ دروستبوونی فیدرالیەت.

٥) حیزبە سیاسیەکانی نێو هەرێمەکان دەتوانن سیاسەت و چۆنایەتی سەرکردەبوون لە هەرێمەکانیاندا تاقیبکەنەوەو بەم هۆیەوە دەتوانن مومارەسەی سیاسەت لەسەر ئاستی "ناوەند" بەرز بکەنەوە.

٦) هاوڵاتیان دەتوانن بەهۆی کورتی ڕێگاکان بۆ شوێنە دەولەتیەکان لەم سیستەمی هەرێمایەتیەدا کە سەربەخۆن لە فەرمانڕەوایی خۆیاندا زووتر پەیوەندی بە سیاسەتمەدار و دامودەزگاکانەوە بکەن و لە پرۆسەی سیاسی زۆرتردا بەشداربن. هەروەها دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی گرفتەکان لەسەر ئاستی هەرێم.

٧) یەکێکی تر لە سودەکانی ئەم سیستەمە دروستبونی کێبرکێیە لە نێوان هەرێمەکان و بوارە جیاوازەکانی ژیان دەبوژێنێتەوەو دەبێتە هۆی ئاسانکردنی بەشداری سیاسی هاولاتیان.

فیدرالیزم بەتەنیا لایەنی بەسوودی نیە بەلکو نەرێنیشی هەیەو لێرەدا توێژەر ئاماژە بە هەندێکی دەدات:

١) سەربەخۆیی هەرێمەکان روبەڕوی جیاوازی دەبنەوە. بەم هۆیەوە دەکرێ کێشە دروستبێت. لە هەندێك لە بوارەکان. هەرێمەکان دەسەڵاتی دانانی یاسای هەرێمایەتیان هەیە بەپێی بارودۆخ و پێویستی هەرێمەکەیان کەمەرج نیە لە هەرێمێکی تر هاوشێوە بێت. بۆ نمونە ئەگەر خوێندکار بگوێزێتەوە هەرێمێکی تر دەکرێ ڕوبەروی جیاوازی ببێتەوە.

٢) پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەکان و ئیدارەی ناوەند دەبێت جاروبار گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرەکان.

٣) هەرێمە فیدرالیەکان لە ڕووی داراییەوە گرانتر دەکەون وەك لە هەمان ئەم دامودەزگایانە لە دەولەتێکی سەنترالیزمدا[١٩].

---

[١٩]) ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر، دەرگایەك بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئاڵمان، وەرگێڕانی لە فارسیەوە بۆ کوردی: ناسر بابامیری، شوێن نادیار، ٢٠٠٤، ل.٣٧-٥٨.

## بەشی دووەم

## کاریگەری و پێگەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی ئەڵمانیا

## باسی یەکەم

## هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن / ئەڵمانیای فیدرال

پێشەکی باسی یەکەم.

بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە فیدرالیزمی هەرێمایەتی ئاماژە بە هەرێمێکی فیدرالی ئەدەم لە ئەڵمانیا. هەرێمەکان (یەکەکانی دەوڵەت لە ئەڵمانیا) خاوەن ئۆرگانی سیاسی و دەسەلاتی خۆیانن بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان. ئەو هەرێمە فیدرالیەی کە بابەتی توێژینەوەکەیە بریتیە لە-Nordrhein-Westfalen (نۆردراین ڤێستفالن) / ئەڵمانیا کە دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا.

**هەرێمی (نۆردراین ڤێستفالن) / ئەڵمانیا**

دوای جەنگی دوەمی جیهانی و داگیرکردنی ئەڵمانیا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە لە مانگی ١٩٤٦/٤ بڕیاری پێکهێنانی هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن دراو دروستبوو. دروستبوونەکەی تەنیا لە دەستی بەریتانیەکاندا بوو[20]. بیروڕاو بڕیاری ئەڵمانەکان بۆ ئەم مەبەستە بەهەند وەرنەگیرا هەروەها ناکۆکی هەبوو سەبارەت بە گەورەیی ئەم هەرێمە. بۆ پێکهێنانی هەرێمی ناوبراو لەسەر سێ ئالتەرناتیڤ دانوستان هەبوو. ئالتەرناتیڤی یەکەم تەنیا ناوچەی RUHRGEBIET (ڕورگەبیت)ی دەگرتەوە ، ئەو ناوچەیەی کە لە لایەن فەرەنسیەکانەوە پێشنیازی بە نێودەوڵەتی کردنی کرابوو.

لە کاتێکدا ئالتەرناتیڤی دوەم ئەوە بوو کە مەمەرێکیشی لەسەر بێت لە ڕووی ڕۆژئاوای ڕوباری ڕاین هەتا دەگاتە سنوری هۆڵەندا. ئەم هەرێمە سنوری لەگەڵ هۆلەنداو بەلجیکا هەیە. پێچەوانەی ئەم دوو ئالتەرناتیڤە ، ئالتەرناتیڤی سێیەم بریتی بوو لە پێکەوە گرێدانی ناوچەکانی سەروی ڕوباری ڕاین لەگەل ڕۆژئاوای فالن.

---

[20] ) Hans Boldt, Hrg , Nordrhein-Westfalen und der Bund, Berlin, 1989, S. 23.



**نۆردراین ڤێستفالن لەسەر نەخشەی ئەڵمانیا**

*نەخشەی ژمارە ٢*

*de.wikipedia.org/wiki/Nordrhein-Westfalen*

مەترسی هەندێك لایەن بەرامبەر ڕەتکردنەوەی ئەم ئالتەرناتیڤەی سێیەم لەوەدا بوو کە هەرێمێکی ئەوەندە گەورە بەتوانایەکی گەورەی ئابوریەوە لە توانایدا بێت سیاسەتی خۆسەپاندن پیادە بکات([٢١]). کاتێك ئەڵمانیای ئیتحادی فیدرالی لە ١٩٤٩ دروستکرا هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن سێ ساڵ بوو پێکهێنرابوو. بەوە ئەم هەرێمە وەك هەرێمەکانی تری ئەڵمانیا خاوەن مێژویەکی تەقلیدیی خۆی نەبوە. لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە (هاوپەیمانەکان) بەپێی بەرژەوەندی خۆیان وەك یەکەیەکی ئیداری دروستکرا. دروستبوونی ئەڵمانیای فیدرالی بڕیارێکی ئازادانەی باوکانی دەستور نەبوو بەڵکو یەکسان بوو بەئیرادەو خواستی هاوپەیمانەکان کە لەسەر بنەمای ئەزمونەکانیان لەگەڵ ئەڵمانیا بەتایبەت دوای سالی ١٩٣٣ بەهۆی سیستەمی سیاسی نازیەوە ئارەزویان لە بێهێزکردنی دەسەلاتی سەنترالیزمی ئەڵمان هەبوو([٢٢]).

[21]) Hans Boldt, S. 41-42.

[٢٢]) هەمان سەرچاوە، ل، ٤٠.

لێرەدا دەکرێ بگەینە تیۆریەکی بەراوردکاری لەنێوان واقعی عێراقی بەعس و ئەلمانیای نازی ئەویش ئەوەیە کە دەسەلاتی ناوەند (سەنترالیزم) لە هەردوو ئەم دوو دەولەتەدا جێگای مەترسی بوون بۆ نێوخۆی ولات و بۆ دەرەوەش. دوو دەولەتی تۆتالیتێر([٢٣]) بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمەوە. ئەگەر بڕوانینە خەسلەتە تایبەتەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ئەوا دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیستەمی سەنترالیزم هەرگیز گونجاو نەبوە سەبارەت بەواقعی ئەم دوو دەوڵەتە.

دوای ڕوخانی ڕژێمی نازی لە ساڵی ١٩٤٥ و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی نازی و داگیرکردنی ئەڵمانیا لە لایەن چوار هاوپەیمانەکەوە (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، بەریتانیا ، فەرەنسا ، یەکێتی سۆڤیەت) لە مانگی چواری سالی ١٩٤٦ هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانی لە ئەنجامی بارودۆخێکی نێودەولەتیدا بریاری دروستبونیدرا. ئەوکاتە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە ١٠ ملیۆن کەس بوو. بە ڕوبەری ٣٤،٠٦٧ هەزار کم دوجا ئەم هەرێمە لە پلەی چوارەمی هەرێمەکانی ئەلمانیا بوو دوای هەرێمی Bayern، **Baden – Württemberg** ، ، **Hessen** و **Niedersachsen** ([٢٤]).

هەرێمی ناوبراو بەبەراورد لەگەڵ هەرێمەکانی تری ئەڵمانیا ئەمڕۆکە خاوەنی زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانەو دلی پیشەسازی دەوڵەتە بەتایبەت لە ناوچەی ڕور (Ruhr). هەربۆیە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەڵمانیا. دەیان ساڵ سیاسەتی ئەم هەرێمە لەژێر کاریگەری سۆشیال دیموکراتەکان بووە. لە مانگی ٢٠٠٥/٥وە حکومەتی هەرێم لەلایەن هەردوو پارتی CDU/FDP لە هاوپەیمانیەتێکدا بەسەرۆکایەتی Jürgen Rüttger بەڕێوەدەبرا. دوا هەڵبژاردن لە بەرواری ١٣،٥،٢٠١٣ بوو. حیزبی براوە سۆشیال دیموکراتەکان و سەوزەکان بوون و پێکەوە حکومەتی ئەم هەرێمەیان پێکهێنا. هەڵبژاردنی ئاینده بۆ سالی ٢٠١٧ یە([٢٥]).

هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن ٢٢٪ی سەرجەم دەنگدەرانی ئەڵمانیای پێکهێناوە. پێش ساڵی ١٩٩٠ ڕێژەی دەنگدەران تێیدا ٣٠٪ بوە. شاری دوسلدۆرف بەپایتەختی هەرێمەکە هەڵبژێردراوە. دەستوری هەرێمی ناوبراو لە ٦،٦،١٩٥٠ لەلایەن پەرلەمانی هەرێم پەسەندکراو لە ڕێکەوتی ١٨،٦،١٩٥٠ لە ڕاپرسیەکی گشتیدا ڕەزامەندی لەسەردراو دواتر لەبەرواری ١١،٧،١٩٥٠ خرایە بواری کارپێکردنەوە([٢٦]). دەستوری هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن بەسەر سێ بەشی سەرەکی دابەشکراوە لە ٩٢ ماددەدا. بەشی یەکەم بریتیە لە کۆمەڵگاو سێ دەسەلاتەکە. بەشی دووەم باس لە مافە سەرەکیەکانی هاوولاتیان لە دەستوردا دەکات.

---

[٢٣]) هەمان سەرچاوە، ل، ٥١.

[٢٤]) هەمان سەرچاوە، ل. ٤٣.

[25]) Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und Autonomie, 2005, p. 78.

[26]) Hans Boldt, S. 23.

خێزان ، پەروەردە ، کەلتور ، ئاین ، کارو ئابوری ، دادوەری و حکومەتی هەرێم. کارگێڕی و دارایی هەرێم لەبەشی سێیەمی دەستوردا باسکراوە. وەزیرەکان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دیاری دەکرێن و یەکێك لەمانە دەکاتە جێگری خۆی. وەزیرەکان مەرج نیە هەروەك لە هەندێ لە هەرێمەکانی تر هەیە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە پشتگیری بکرێن. دوای دەستنیشان کردنیان ، لە پەڕلەماندا سوێندی یاسایی دەخۆن. دەستوری هەرێمی ناوبراو تەنیا کاتێك دەگۆردرێت ئەگەر ٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم ، یان ٢/٣ی هەڵبژێردەرانی هەرێم بریار بۆ گۆڕینی دەستور بدەن لە ڕاپرسیەکدا. هەموو هەرێمێك بە ڕێگای حکومەتی هەرێمەکەیەوە لە بوندسرات* (ئەنجومەنی فیدرالی) نوێنەری خۆی هەیەو بەم ڕێگایەوە کاریگەرییان دەبێت لەسەر سیاسەتی گشتی ئەلمانیا بەلام جۆرو قەوارەی کاریگەریەکە لە ئەنجومەنی فیدرالی (بوندسرات) وەك یەك نیەو ژمارەی کورسیەکانیش هاوشێوە نیە (بڕوانە خشتەی ژمارە ١).

بە ڕێگای بوونی نوێنەرانی هەرێم لە نێو ئەنجومەنی فیدرالیدا بەرژەوەندیەکانی هەرێمەکان لە نێو ئیرادەی سیاسی سەرجەم دەوڵەتەکەدا رەچاو دەکرێت. بەوە (ئەنجومەنی فیدرالی) بەرگی فیدرالیزم دەپۆشێت لە ئەڵمانیا کە بەپێی ماددەی ٧٩ گۆڕینی ئاسان نیە([٢٧]). هەرێمی ناوبراو لە ئەنجومەنی فیدرالیدا شەش دەنگی هەیە هەرچەندە بە بەراورد بە گەورەیی دانیشتوانەکەی لەژێر رێژەی پێویستیەکەی خۆیەتی. لە پەرڵەمانی ئەڵمانیا لە رێژەی ٦٢٢ ئەندامی پەرلەمانی ئیتحادی، ١٣٥ کورسی بەر ئەم هەرێمە دەکەوێت کە بریتیە لە(٢٢٪). بەواتا کورسیەکانی پەرلەمانی Nordrhein-Westfalen بۆ نزیکەی ١٨ هەژدە ملیۆن کەس لەسەر ڕوبەری 34.088,31 کم دوجا بریتیە لە ١٣٥ کورسی. لە ماددەی ٢٠ ، بڕگەی ١ی دەستور ، هەرێمیNordrhein-Westfalen وەك سەرجەم هەرێمەکانی تری ئەڵمانیا وەك هەرێمێکی فیدرالی دامەزراوە.

نەگۆڕیی ئەم دەستورە لە ماددەی ٧٨ ، فەقەرەی ٣ی دەستوری ئیتحادی ئاماژە پێدراوە. تەنانەت ٢/٣ی زۆرایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی فیدرالی هەرێمەکان (بوندسرات) ([٢٨]) ناتوانێت پێکهاتەو ڕێکخراوەیی فیدرالی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنێتەوە. تەنیا ڕێگا پێکهاتەی فیدرالی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنێتەوە بریتیە لە دەستورێکی نوێ بەپێی مادەی ١٤٦ی دەستور. ماددەی ٣٠ ئاماژە بەسەربەخۆیی و لێپرسراوێتی هەرێمەکان دەکات. کاریگەریی هەرێمەکان لەسەر یاساکانی ئیتحاد لە ئەنجومەنی فیدرالی لە ماددەکانی

*بوندسرات ئۆرگانیکی دەستوریە، لە ٢٣,٥,١٩٤٩ پێکهێنرا، بارەگای سەرەکی لە بەرلینی پایتەختە.

[٢٧]) ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر ، دەرگایەك بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئاڵمان ، ل. ٣٧ ـ ٤٨.

[28](

٢٣ و ٥٠ دارێژراوە. هەروەها دابەشکردنی بەرپرسیارێتیەکان لە نێوان دەسەلاتی فیدرالی ئیتحادو هەرێمەکان لەماددەکانی ٧٠–٧٥ی دەستوردا چارەسەر کراوون. ئەرکە کارگێریەکانیش لەمادەکانی ٨٣ – ٨٧ رێکخراوە([29]). لە ١٩٨٩ کارکردنی ژن لە خێزاندا یەکسانکرا بەکاری پیشە. ئەم هەرێمە لە ٨,١٢,١٩٦٦ لە زۆر بواردا بووە پێشخەری گەشەکردن لە ئەلمانیا لەبواری سیاسەتی حکومەتیشدا. حکومەتی CDU بە رێگای لێسەندنەوەی متمانە دارما و هاوپەیمانیەك لە SPD وFDP بەسەرۆکایەتی Kühn پێکهات کە بووە وێنای هاوپەیمانێتیەك دواتر لەحکومەتی ئیتحاددا. سیاسەتی ئیتحاد و سیاسەتی هەرێم لە ئەڵمانیا توند پێکەوە بەستراون. لە دەستوریشدا هەمان شتە ([30]).

- لەم باسی یەکەمەدا دەکرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە دایك بوون و گەشە کردنی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن لە ئەنجامی ململانێیەکی زۆری هاوپەیمانەکان دروستبوو. هەرێمێك ئەمرۆکە سەرەرای ١٨ ملیۆن دانیشتوان بەڵام سیستەمی فیدرالی و هەرێمایەتی بە شیوەیەکی تەندروست پیادە دەکات. خاوەنی هەر سێ ئۆرگانە دەوڵەتیەکەیەو قورسایی خۆی هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالیدا. هەرێمی ناوبراو لە مێژووی خۆیدا چەندین حیزبی دەسەلاتی بە خۆیەوە بینیوە بەلام پابەند بوون بە دەستوری دەوڵەت و بەرقەرار بوونی یاسا تێیدا بەرجەستە کراوەو بۆتە هۆی سەقامگیر بوون لە دەوڵەتیکی یاساییدا.

[29]) Gebhard Ziller, Georg-Berndt Oschatz: Der Bundesrat. 10. Auflage. Droste, Düsseldorf, 1998, S. 21.

[30]) *Kringe,Wolfgang, Hrsg, Die Verfassung für das Land Nordrhein-westfalen, von der Landeszentrale für politische Bildung Nordrhein-Westfalen, Düsseldorf,1990; "Verfassung" in: Nordrhein-Westfalen.Landesgeschichte im Lexikon. Veröffentlichungen der staatlichen Archive des Landes Nordrhein-Westfalen, Reihe C: Quellen und Forschungen, Band 3, Düsseldorf 1933, S. 431-436.*

## باسی دووەم

## ژمارەو دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی

ئەو حیزبانەی هەتا ڕێکەوتی ئەم نوسینە ( ٢٠١٥) فەرمانڕەوایی ئەڵمانیا دەکەن { CDU/CSU لەگەڵFDP لە ئەنجومەنی فیدرالی ٣٧ دەنگیان هەیە. حکومەتەکانی CDU-FDP (31) دەنگیان هەیە لەنێو هەرێمەکاندا. حکومەتی CSU-FDP لەهەرێمی باڤاریا (6) دەنگ. بەم شێوەیە حیزبەکانی فەرمانڕەوا زۆرایەتیان هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالی. ١٧ دەنگ بەر هاوپەیمانی حیزبی فەرمانڕەوا دەکەوێت ([٣١]).

قورسایی ئەنجومەنی فیدرالی لە قەوارەی دەسەلاتدا لە ئەڵمانیا ، بەتایبەت لە پەیوەندی ئەمدا بەرامبەر پەرلەمان و حکومەتی ئیتحاددا بەندە بەرێژەی زۆرایەتی حیزبی سیاسیەوە لە ناوەند (ئیتحاد) دا لە لایەکەوە وە لە هەرێمەکان لەلایەکی ترەوەو بەوەش (ئەنجومەنی هەرێمەکان) دەکەوێتە ژێر گۆڕانی بەردەوامەوە چ لە پەرلەماندا وە چ لە ئەنجومەنی فیدرالیداو ئەو سیاسەتمەدارانە تێیدا نوێنەرن کە سەر بە حیزبێکن و نوێنەری ئیدارەی سیاسی ئەو حیزبەن. بەم شێوەیە ڕێژەی زۆرایەتی حیزبی سیاسی لە هەرێمەکاندا کاریگەریان لەسەر دەسەڵات هەیە لە ناوەنددا (ئیتحاد). کارە سەرەکیەکانی ئەنجومەنی فیدرالی لە لیژنەکاندا ئەنجام ئەدرێن. ئەم ئۆرگانە دەستوریەو ئەندامەکانی لەلایەن گەلەوە هەڵنەبژێردراوە وەك ئەندامەکانی پەرلەمان بەڵکو سەر بە حکومەتی هەرێمەکانن. بۆنمونە ئەگەر هەرێمێك لەلایەن سۆشیال دیموکراتەکان فەرمانڕەوایی بکرێت ئەوا نوێنەری ئەو حیزبە دەنێرێتە (ئەنجومەنی هەرێمەکان). ئەمیش بەشێوەی خۆی بەشداری بریارە لەو یاسایانەی کە حکومەتی ئیتحاد (سەرۆك وەزیران و کابینەکەی) دەری دەکات. ئەنجومەنی فیدرالی / هەرێمەکان دەتوانێت ڕەشنوس ڕەد بکاتەوە یان تێهەڵچونەوە بکات چونکە هەندێ یاسا پێویستییان بەرەزامەندی ئەم ئۆرگانە دەستوریە هەیە. سەرۆکی ئەنجومەنی فیدرالی لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆك کۆمارە([٣٢]).

---

[٣١]) حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن SPD (١١ دەنگ)، و Grüne (٣ دەنگ) لە هەرێمی HAMBURG، هەمان حیزبی فەرمانڕەوا لەگەڵ GRÜNE و FDP (پارتی سەوزەکان و لیبەرالەکان) لە هەرێمی SAARLAND (٣ دەنگ). بەتەواوی ١٥ دەنگ بەر ئۆپۆزسیۆن دەکەوێت ، ئەمیش بەم جۆرەی لای خوارەوە: SPD و der Linke (٨ دەنگ) لە هەردوو هەرێمی Berlin وBrandenburg . Grünen ٣ دەنگ) لەهەرێمی BREMEN. هەروەها دەنگەکانی SPD لەو هەرێمانەی کە بە تەنیا فەرمانڕەوایی دەکەن ئەویش بریتین لەRheinland-Pfalz (٤ دەنگ).

[32]) Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und Autonomie, Frankfurt, 2005, S. 78.

## دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدالی

| | هەرێم | ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن | ژمارەی دەنگەکان | سەرۆکی حکومەتی هەرێم | حیزبە حکومیەکانی هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| | **Baden – Württemberg** | 10,84 | **6** | Winfried Kretschmann | B90/DIE GRÜNEN / SPD |
| | **Bayern** | 12,66 | **6** | Horst Seehofer | CSU / FDP |
| | **Berlin** | 3,53 | **4** | Klaus Wowereit | SPD / CDU |
| | **Brandenburg** | 2,49 | **4** | Matthias Platzeck | SPD / DIE LINKE. |
| | **Bremen** | 0,66 | **3** | Jens Böhrnsen | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| | **Hamburg** | 1,81 | **3** | Olaf Scholz | SPD |
| | **Hessen** | 6,11 | **5** | VolkerBouffier | CDU / FDP |
| | **Mecklenburg – Vorpommern** | 1,63 | **3** | Erwin Sellering | SPD / CDU |
| | **Niedersachsen** | 7,92 | **6** | Stephan Weil | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| | **Nordrhein – Westfalen** | 17,84 | **6** | Hannelore Kraft | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| | **Rheinland – Pfalz** | 4,00 | **4** | Malu Dreyer | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| | **Saarland** | 1,01 | **3** | Annegret Kramp-Karrenbauer | CDU / SPD |
| | **Sachsen** | 4,13 | **4** | Stanislaw Tillich | CDU / FDP |
| | **Sachsen – Anhalt** | 2,30 | **4** | Dr. Reiner Haseloff | CDU / SPD |
| | **Schleswig – Holstein** | 2,84 | **4** | Torsten Albig | SPD / B90/DIE GRÜNEN / SSW |

| دابه‌شبوونی ده‌نگی هه‌رێمه‌کان له‌ ئه‌نجومه‌نی فیدالی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| حیزبه‌ حکومیه‌کانی هه‌رێم | سه‌رۆکی حکومه‌تی هه‌رێم | ژماره‌ی ده‌نگه‌کان | زماره‌ی دانیشتوان به‌ ملیۆن | هه‌رێم | |
| CDU / SPD | Christine Lieberknecht | **4** | 2,22 | **Thüringen** | |

ژماره‌ی سه‌رجه‌م ده‌نگه‌کانی هه‌رێمه‌کان له‌ ئه‌نجومه‌نی فیدرالی بریتیه‌ له‌ ٦٩

ژماره‌ی سه‌رجه‌م دانیشتوانی ئه‌لمانیا بریتیه‌ له‌ 82.438.000 (بۆ ریکه‌وتی ٢٠١٣).

**خشته‌ی ژماره‌ ١**

www.bundesrat.de/nn_8340/DE/.../stimmen
verteilung-node.html?

خشته‌ی ژماره‌ (١) ی سه‌ره‌وه‌ گوزارشته‌ له‌ دابه‌شبوونی ده‌نگه‌کانی هه‌رێمه‌کان له‌ ئه‌نجومه‌نی فیدرالی که‌ تێیدا زۆر و که‌می ده‌نگه‌کان و پێگه‌و قورسایی هه‌رێمه‌کان له‌ ئه‌نجومه‌نی هه‌رێمه‌کان نیشان ئه‌دات هه‌روه‌ها هێزی سیاسی حیزبه‌کان له‌ هه‌رێمه‌کانداو هه‌روه‌ها بۆ بریاردان له‌سه‌ر پرۆژه‌ یاساکان. بۆ تێگه‌یشتنی زیاتر توێژه‌ر ژماره‌ی دانیشتوان و هه‌روه‌ها حیزبه‌ فه‌رمانڕه‌واکان له‌ هه‌رێمه‌کانی ئه‌ڵمانیا له‌ خشته‌که‌دا خستۆته‌ روو.

## باسی سێیەم

## پێکهاتەی ئەنجومەنی فیدرالی لە ئەڵمانیا

ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمانی) ئەلمانیا لە دوو پێکهاتە دروستبوە کە بریتین لە بوندس تاگ (پەرلەمان) لەگەل بوندسرات (ئەنجومەنی فیدرالی / ئەنجومەنی هەرێمەکان). (ماددەی ٥١ی دەستور). تەنیا ئەوانە دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی فیدرالی کە کورسی و دەنگەکانیان لە حکومەتی هەرێمدا هەیە. ئەوانەش بریتین لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری هەرێم و هەروەها پارێزگارو سیناتۆرەکان. هەروەها سکرتێرەکانی دەولەتیش دەتوانن بچنە ناو ئەنجومەنی فیدرالیەوە بەلام ئەوەندەی پلەی کابینەیان هەبێت. هەموو هەرێمێك تەنیا دەتوانێت ئەوەندە ئەندامی لە ئەنجومەنی فیدرالی هەبێت بەپێی ژمارەی دانیشتوانی و دەنگەکانی لەو هەرێمەدا. ئەندامەکانی تری حکومەتی هەرێم دەتوانرێت وەك ئەندامی جێگر دابنرێن. هەر هەرێمێك خۆی بریار ئەدات کێ دەبێتە ئەندام یان جێگر لە ئەنجومەنی فیدرالی. "هەڵبژاردن و ماف لادانی ئەندامان بۆ ئەنجومەنی هەریمەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەکان دەبێت و لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەکانە"([٣٣]). ژمارەی دەنگەکانی هەر هەرێمێك بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی ڕەچاودەکرێت و بەلایەنی کەمەوە سێ دەنگی هەیە. هەرێمەکانی کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە دوو ملیۆنە چوار دەنگی هەیە. هەرێمەکانی پتر لە شەش ملیۆن کەس پێنج دەنگی هەیە. پتر لە حەوت ملیۆن شەش دەنگی هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالی. بەم سیستەمی پەیڕەیە بۆ ئەم قۆناغەی ئەلمانیا. ژمارەی کورسی و دەنگەکان لە ئەنجومەنی فیدرالیدا بریتیە لە ٦٩ دەنگ. بۆ بڕیارەکان پێویست بە ٣٥ دەنگی ڕەها دەکات. بەپێی ماددەی ٧٩ی دەستور تەنیا بە ٢/٣ی زۆرایەتی ئەندامەکانی ئەنجومەنی فیدرالی دەتوانرێ گۆڕانکاری لە دەستوری ئەڵمانیادا بکرێ. ئەمەش بەلایەنی کەمەوە بریتی دەبێت لە ٤٦ دەنگ. هەرێمە بچوکەکان بە بەراورد ، قورسایی لە دەنگدا وەردەگرن بەلام بێئەوەی بتوانن دەنگی خۆیان بەسەر هەرێمەکانی تردا زال بکەن. ئەندام بوون لە ئەنجومەنی فیدرالی پێگەی هەرێمەکان بەهێز دەکات. هەرێمە گەورەترەکان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانەکانیان بۆ راگرتنی سەقامگیریی قورساییەکی کەمتریان لە ئەنجومەنی فیدرالی هەیە([٣٤]). چوار گەورەترین هەرێم هەریەکەو شەش دەنگی هەیەو بەم پێیە پێکەوە لەتوانایاندا هەیە لەبەردەم گۆڕینی دەستوری بنەرەتی کە٢/٣ ی زۆرایەتی دەوێت ببنە کەمایەتیەکی بەربەست بەلام بەتەنیا زۆرایەتی کۆی دەنگەکان پێك ناهێنن بۆ بریارو وەستانەوە دژ ،

[٣٣]) ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر ، دەرگایەك بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئاڵمان، ل. ٤١ــ ٤٣.

[٣٤]) ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر ، دەرگایەك بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئالمان ، ل. ٥٤.

یان بەرامبەر هەرێمەکانی تر. ئەو پرۆژە یاسایانەی لەلایەن ئەنجومەنی فیدرالی پێشنیار دەکرێت پێویستە لە ڕێگای حکومەتی فیدرالی لە ماوەی حەوت هەفتە ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت. لەو ماوەیەدا حکومەتی فیدرالی دەبێت ڕاوبۆچوونی خۆی دەربارەی پرۆژە یاساکە دەربرێت. ئەگەر پرۆژە یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی فیدرالی وەسفکرا بەوەی پڕۆژە یاسایەکی بە پەلەیە ، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەت بیروبۆچوونی خۆی لەسەر پرۆژەکە لە ماوەی سێ هەفتە دەربرێت. پاش بریاردان لەسەری لە ڕێگای سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەدرێت بە ئەنجومەنی فیدرالی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆتایی([٣٥]). لە باسی سێیەمدا دەکرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سیستەمی فیدرالی لەسەر ئاستی دەوڵەت لە دوو ئۆرگانی سەرەکی پێکدێت ئەوانەش بریتین لە ئەنجومەنی نوینەران و ئەنجومەنی هەرێمەکان و هەر یەکەشیان ڕۆل و قورسایی دەستوریی خۆی هەیە لەسەر سیستەمە سیاسیەکە.

[٣٥]) خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق ، هەولێر، چاپخانەی هەولێر، ٢٠١١. ل. ٥٩ .

# دەرئەنجام

فیدرالیزم لە زۆرێك لە دەوڵەتان بەسەرکەوتویی پراکتیزەکراوەو بۆتە هۆی چارەسەری زۆرێك لە کێشەو جیاوازی ئەتنیکی و مەزهەبی و ئیداری و کەلتوری و فاکتەرێکی گونجاو بووە بۆ سەقامگیری و دیموکراسی. بەلام لە هەندێك لە دەولەتانیش فیدرالیەت لێکهەلوەشاوە وەك لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ، یۆغۆسلاڤیا و ئەنگۆلا، بەلام لە هەندێ ولاتانیشدا ناسەقامگیرە بۆنمونە لە بەلجیکاو کەنەدا. فیدرالیەت لەسەر بنەمای ڕونەدانی دیکتاتۆریەت دامەزراوەو لامەرکەزیی بەهای وەرگرتوە تێیدا. وەك لە توێژینەوەکەدا دەبینرێت فیدرالیزم لایەنی باش و نەرێنیشی هەیە ، بەلام دەرئەنجام لایەنە بەسوودەکان زۆرترو کاریگەرترن. کێشەی فیدرالیزم زۆرتر لە تێنەگەیشتنە لە خودی فیدرالیزم خۆی دیموکراسی و سەقامگیری و هوشیاری کۆمەلایەتی و سیاسی و خواستی ئارەزومەدانە فاکتەرو بنەمای گرنگن بۆ گەشە کردن و پراکتیزە کردنی فیدرالیزم. دروستبوونی ئەنجومەنی فیدرالی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەرێمەکان و بۆ کەمکردنەوەی دیکتاتۆریەتی پەرلەمان. هەرێمەکان پێگەو کاریگەرییان هەیە لە فیدرالیەتداو لەسەر سیاسەتی ئیتحاد. لە فیدرالیەتدا دەسەڵاتە سیادیەکان بۆ حکومەتی ئیتحادەو هەرێمەکانیش دەسەلاتی هەرێمایەتی خۆیان هەیە. توێژەر دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە فیدرالیەتدا پێویستە پێگەو ڕۆلی هەرێمەکان بە ڕوونی ببینرێن وەك لە توێژینەوەکەدا نیشاندراوە.

# ( سەرچاوەکان )

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی


- ئەسەدوللا ئەلەم ، بنچینەکانی فیدرالیزم ، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا ، سلێمانی ، شوێنی چاپ نادیارە، ٢٠٠٤.
- ئازاد وەلەد بەگی ، نیگا ، فەرهەنگی ڕامیاری، هەولێر ، چاپخانەی میدیا.
- ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر ، دەرگایەك بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئاڵمان ، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ناسر بابامیری ، *شوێن نادیار*، ٢٠٠٤.
- سۆران حوسێن قادر بەرزنجی ، کێشە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا ، هەولێر ، چاپخانەی میدیا، ٢٠٠٣.
- سەیوان کاکەڕەش، بەراورد لە نێوان ڕژێمە فیدرالەکاندا ، سلێمانی ، چاپخانەی قەڵەم، ٢٠٠٢.
- عەلی شەمەری ، فیدرالیزم و سیستەمەکانی یەکێتی فیدرالی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەسەن یاسین، سلێمانی ، چاپخانە نادیارە، ٢٠٠٤.
- خامۆش عمر عبدالله ، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق ، هەولێر، چاپخانەی هەولێر، ٢٠١١.

## سەرچاوەکان بەزمانی ئەڵمانی

### کتێب



- Gebhard Ziller, Georg-Berndt Oschatz: Der Bundesrat. 10. Auflage. Droste, Düsseldorf, 1998.
- Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und Autonomie, 2005 . Frankfurt,
- Berlin, 1989. Hans Boldt, Nordrhein-Westfalen und der Bund,
- *Die Verfassung für das Land Nordrhein-Westfalen, von der Landeszentrale für politische Kringe,Wolfgang, Hrsg, Bildung Nordrhein-Westfalen , Düsseldorf,1990.*
- Leyla Özden, Der Föderalismus im Irak, Frankfurt, 2009.
- Naseef Naeem, Die neue bundesstaatliche Ordnung des Irak , Frankfurt, 2008.
- Richard Nyrop, Iraq, A Country Stud, Washington, D.C, 1979,.
- *"Verfassung", in: Nordrhein-Westfalen. Landesgeschichte im Lexikon. Veröffentlichungen der staatlichen Archive des Landes Nordrhein-Westfalen.*


### ئینتەرنێت


- *de.answers.yahoo.com/question/index?qid, Dr. Mannfred, 2011.*
- www.abipur.de/hausaufgaben/.../666213448.html, *dr. Brandscheidt, Föderalismus und .die und die Bundesländer, 2008*
- *de.wikipedia.org/.../Politisches_System_Deutschlands.*

# پاشکۆ

## سیستەمی سیاسی ئەلمانیای فیدرال




**لە لایەن توێژەرەوە کراوە بە کوردی**

*سەرچاوە: de.wikipedia.org/.../Politisches_System_Deutschlands*




**نەخشەی ژمارە ٣**

**شازدە هەرێمەکەی ئەڵمانیا**

**ژمارە (٥) ی سەر نەخشەکە بریتیە لە هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن**